پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (وتاری پێویست:خطبة الحاجة)ی فێرکردین

لە عبدالله کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (وتاری پێویست:خطبة الحاجة)ی فێرکردین، (کە لە کاتی پێویستدا پێش -وتارە مەبەستەکە- دەخوێندرێت)، کە بەم شێوەیە: (إن الحمد لله، نستعينه ونستغفره، ونعوذ به من شرور أنفسنا، من يهد الله، فلا مضل له، ومن يضلل، فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، " يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ والأرحام إن الله كان عليكم رقيبا} [النساء: 1] , {يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون} [آل عمران: 102] , {يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا (70) يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظيما} [الأحزاب:70 - 71])» واتاکەی: (حەمد وسوپاس بۆ خودا وپەنا بە ئەو دەگرین وداوای لێخۆشبوون لە ئەو دەکەین، وپەنا بە ئەو دەگرین لە شەڕی نەفسمان، ئەوەی خودا هیدایەتی بدات کەس ناتوانێت گومڕای بکات، وئەوەی ئەو گومڕای بکات کەس ناتوانێت هیدایەتی بدات، شاهێدی دەدەم هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەری خودایە، {ئەی خەڵکینە خۆتان بپارێزن لە (سزای) پەروەردگارتان ئەوەی کە دروستی کردوون لەیەک کەسەوە (کە ئادەمە) وهەر لە ئەویش هاوسەرەکەی دروستی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە لەو دووانە پیاوانی زۆر هەروەها ئافرەتان، خۆتان بپارێزن لەو خوایەی کە بەناوی ئەوەوە داوا دەکەن لە یەکتر و (خۆتان بپارێزن لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی) بەڕاستی خوا هەمیشە چاودێرە بەسەرتانەوە} [1: النساء] {ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە بترسن لە خوا ترسانێک کە شیاوێتی ومەمرن مەگەر بە موسوڵمانی نەبێت} [102: ال عمران] {ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن وپارێزگار بن وقسەی ڕاست ودروست بکەن (70) کردەوەکانتان چاك دەکات ولە تاوانەکانتان خۆش دەبێت و هەر کەس گوێڕایەڵی خوا وپێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بەڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە (71)} الأحزاب]]).

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد)]

ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری وتاری پێویستی -خطبة الحاجة-ی کردن، ئەمیش ئەو وتارەیە کە دەووترێت لەپێش دەستپێکردن بە ئەو وتارەی کە پێویستە بووترێت، وەکو وتاری مارەیی و وتاری هەینی وهتد، وئەم وتارە مانای مەزنی لەخۆگرتووە لە ڕوونکردنەوەی شایستەبوونی الله بە هەموو جۆرەکانی حەمد وستایشکردن وتەنها هانا بردن وداواکردن لە الله ی تاکی بێ شەریک وبێ هاوتا، وهەروەها داواکردنی لێخۆشبوونی گوناهەکان وداپۆشینیان لە الله -سبحانه وتعالى-، وهانا وپەنا بردن بۆ ئەو زاتە لە هەموو شەڕ وزیانێک، وشەڕی نەفس وهتد. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی بۆ کردین کە هیدایەتدان بەدەستی الله یە، هەرکەسێک خودا هیدایەتی بدات ؛ کەس ناتوانێت گومڕای بکات، وئەوەی الله گومڕای بکات ؛ کەس ناتوانێت هیدایەتی بدات. پاشان شاهێدی -تەوحید-ی ووت (هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله)، وشاهێدی دان بەوەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- بەندە وپێغەمبەری خودایە. وئەم وتارەی بەم سێ ئایەت کۆتایی پێهێنا کە فەرمانکردن بە تەقوای خوای گەورە وجێبەجێکردنی فەرمانەکان وخۆ بەدوورگرتن لە نەهی لێکراوەکانی تێدایە لەپێناو خوای گەورە، وپاداشتی ئەو کەسەی بەم شێوەیە گوێڕایەڵ بێت ؛ قسە وکردەوەکانی جوان دەبێت وخودا لە گوناهەکانی خۆشدەبێت ولە ژیانێکی بەختەوەرەدا دەبێت لە دونیادا ولە قیامەتدا شوێنی بەهەشتە.